Komala Party - Iranian Kurdistan
Committe in Norway

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی نۆروێژ

# خۆ پیشاندان لە دژی هەڕەشەی تورکیە بۆ سەر کوردستان

کات ژمێر ۲ی دوانیوەڕۆی رۆژی ۷ی مانگی۱۱ی ۲۰۰۷ لە شاری ئۆسلۆ بۆ شەرمەزار کردنی هێرشی تورکیە بۆ سەر باشوری کوردستان رێپێوانێکی گەورە ئەنجام درا.

بەشدار بووان لە سەر داوای رێکخراوێکی نۆروێژی بە ناوی RKR ولەژێر سەرپەرەستی وچاودێری رێکخراوی لاوانی پارتی کاری نۆروێژ، رێکخراوی لاوانی پارتی سوسیالیستی نۆروێژ وکۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسیە کوردستانییەکان زیاتر لە۱۲۰۰کەس لە کوردانی دانیشتوی نۆروێژا بە ئاڵای کوردستان ودروشمی نا بۆ شەڕ، بژی ئاشتی،بژی کورد وبژی کوردستان، تورکیە بۆ دەرەوە، لە بەر ویستگەی قەتاری شاری ئۆسلۆ کۆبوونەوە و بەرەو بینای پارلمانی نۆروێژ وەڕێکەوتن.

جێی ئاماژەیە لەو کاتەدا پارلمانتارانی نۆروێژی لە پارلمانی ئەو وڵاتەدا سەر قاڵی بەرێوەبردنی کۆبوونەوەیەکی گرینگی خۆیان بوون کە خاڵێکی ئەو کۆبوونەوەیە لە سەر مەسەلەی کورد وئەگەری هێرشی تورکیە بۆ سەر کوردستان بو، لە هەمان کاتیشدا ئامادە بوان لەو رێپێوانەدا بەیان نامە و داخوازی خۆیان بە نووسراوە پێشکەش بە پارلمان کرد. لە بەر دەرکی پارلمان سەرەتا ویدار سەرۆکی رێکخراوی RKR وپاشان ئەرلینگ فۆلکەفۆرد دۆستی نزیکی گەلی کوردو نووسەری کتێبی بە ناوبانگی کوردستان و ئەندامی سەرکردایەتی ئاڵیانسی سووری نۆروێژی و دواتر لاوانی پارتی کرێکار و پارتی سوسیالیستی چەپی نۆروێژی پەیامی خۆیان پێشکەش بە بەشدار بوان کرد.

بەشدار بووانی رێپێوانەکە پاشان بە دروشم دان رۆیشتن بۆ بەر دەرکی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی نۆروێژ و داخوازینامەی ئامادە بووان لەو رێپێوانە پێشکەشی وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ کرا. لەکۆتاییدا ئاپۆڕەی خەڵکەکە خۆیان گەیاندە بەر دەرکی باڵوێزخانەی ئامریکاو بۆ ماوەیەک بە دانی دروشم لە پشتیوانی لە داخوازیەکانی کوردستانی باشووور و لە دژایەتی لە گەڵ شەڕ وهێرشی تورکیە درێژەیان بە خۆپیشاندانەکەدا ودوواتر لە بەر

دەرکـــی بـــاڵوێزخانـــەی ئامریکـــا لـــە نـــۆرویژ بـــە خوێندنـــەوەی ســـروود و دانی دروشم کۆتایی بە ڕێپێوانەکە هات.
جێـــی ئامـــاژەیـــە کـــە ڕێکخـــراوی کۆمـــەڵـــە لـــە نـــۆرویژ لـــە ڕێکخســـتن و بـــە ئەنجام گەیاندنی ئەم خۆپیشاندانەدا دەوری چالاکی هەبو.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**کۆمیتەی نۆروێژ**

**٠٨-١١-٢٠٠٧**

[www.komala.org](http://www.komala.org)
**E-mail:** komala_no@hotmail.com

**Adres:** Komala Postboks 115
linderud 0517 Oslo norway
**Account nr:** postbanken 05355661913
**Tel:** 922 800 25